# شیعرو سیحر

خەزعەل الماجدی

و: عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

## جۆرەکانی سیحر

سیحر هەوڵدەدا دەست لە یاساکانی سروشت وەربدا, چ بۆ راگرتنی یان بۆ گۆڕینی یان بۆ تەحەکومکردن بە سەریاندا, ساحیر هەوڵدەدا ئەو یاساگەلە بەرەو ئەوە ببات کە دەبێ (بە مانایەکی دیکە وەك ئەوەی کە نیازییەتی-و:کوردی) بەمەش رەوتی سروشتی ئەو یاسایانەو دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان رادەگرێ, یان ساحیر ئەو کەسەیە کە نکۆڵی لە سروشت دەکاتو کار بۆ ئەوە دەکات کە تواناکانی خۆی بخاتە دووتوێی یاسا سروشتتەکانەوە بۆ ئەوەی بە پێی ئارەزووەکانی خۆی ئاراستەیان بکات ئەوەش وا لە ساحیر دەکات کە وەك کەسێکی جیاکار لە نێو تاكو کۆدا سەیر بکرێ.

سیحر بە پێی پراکتیزەکردنی دابەشی سێ جۆری بنەڕەتی دەبێ ئەویش( سیحری خارقو سیحری سۆزئامێزو سیحری درۆزنانە) سیحری خارق (یان تەجاوزکەر) ئەو سیحرە حەقیقییەیە کە موعجیزەی ماددی دەنێتەوە, ئێمەش دەتوانین ئەو موعجیزانە بە هەستەکانمان دەستی لێبدەینو وەك بەرهەم دانی پێدابنێین بێ ئەوەی هیچ یارییەکی لە پشتەوە بێ یان هەستەکانمانی تیا دووچاری حەپەسان کرابێتەوە, ئەو سیحرە یەك مەرجی لە ساحیر دەوێ ئەویش ئەوەیە کە ساحیر هەڵگری وزەیەکی تەجاوزکارانە بێ یان هەستێکی بەرزی هەبێ کە ئەمرۆ بە (پاراسایکۆلۆجی) ناودەبرێ ئەوەش کەسانێکی دەگمەن دەگرێتەوە کە بتوانن بەو هێزەوە دەست بۆ هێزی سروشت بەرن رایبگرنو حوکی بەسەردا بکەن, یان بە مانایەکی دی ئەو هێزە کار لە تێکشکانی فیزیك دەکات کە لە دەوروبەمانە, هەروەها کار بەوە دەکات کە ساحیر دەیەوێ, بێگومان سیحری حەقیقی لە رابردوودا ئەوانە پێهەڵدەسان کە ئەو هێزەیان تیا بووە, هەروەها لە نێو کۆمەڵگاشدا شوێنێکی بەرزوگرنگییان هەبوو هەندێك لەوانە دەبوونە کەشیشو مەلیكو پێغەمبەر بەڵام ئەوانە لە ناوەوەیاندا هەڵگری ئەو هێزە پاراسایکۆلۆجییەن.

زانستی پاراسایکۆلۆجی ئەو هێزەی لە رێگەی تاقیکردنەوەوە لە نێو مرۆڤی سەردەمدا دۆزیوەتەوەو راڤەی کردووە.

بەر لە سەدان هەزار ساڵو بەر لە دەرکەوتنی زانستی پاراسایکۆلۆجی دیاردەی پاراسایکۆلۆجی کە هەڵگری ئەو هیزو وزە سیحرییەیە هەبووە, یان هەرچەندە بۆ رابردوو بگەڕێینەوە دەبینین کە مرۆڤ زێتر ئەو هێزەی تیا بووە چونکە مرۆڤی کۆن لە دنیایەکی تاریكودرەندەو لێڵو پڕ گومان ژیاوە ئەوەش وای کردووە کە ئەو هێزە لە ناویدا چالاکتر بێ, بەڵام دوای دەرکەوتنی کۆمەڵگاو تێکەڵاو بوونو دەرکەوتنی ژیاری جێگیربوونی مرۆڤ لە شارەکاندا ئەو هێزە لە مرۆڤدا بەرەو بەرە پوکاوەتەوەو جۆرو ژمارەی هەڵگری کەمبۆتەوە, سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی بەرەوپێش چوونی زەمەن لینکەرژێنی

سنۆبەری لە مرۆڤدا بەرو پووکانەوە چووە ئەو لیکەرژێنە بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بە هێزی نابراوەوە هەیە.

بەڵام جۆری دووەمی سیحر, سیحری سۆزدارییە کە ساحیر لە رێگەی تەقلیدکردنی یاساکانی سروشت هەوڵی دەست بۆ بردنی دەدات, یان بە مانایەکی دیکە ساحیر لە ناوەوە هەڵگری ئەو هێزە تەجاوزکەرە نییە, بەڵکو راهێنانی شێوەئامێزە لە سەر هێزی سروشتو لاسایکردنەوەی ئەو هێزەوە وەستاوە, لەوێوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێ کە دەست بە سەر دیاردەکانی ئەو هێزەدا بگرێو حوکمیان لە سەر بکات, ئەو کارە راستە مرۆڤ لە رووی نەفسییەوە بە جۆرێك ئەفسوون دەکات وەك ئەوەی کە بە کارێکی تەجاوزکەرانە هەڵسێ, بەڵام وەك پێویست سەرناکەوێ, ئەو سیحرەش دوو شێوەیە سیحری وێکچوو, کە لە سەر ئەو بنەڕەتە کار دەکات کە چارەسەری وێکچووانە دەرئەنجامی وێکچووی لێدەکەوێتەوە واتە ساحیر لە حالەتەدا پێوایە تەقلیدکردنی سروشت دەرئەنجامی نموونەیەکی وەك سروشتی لێدەکەوێتەوە, هەر لەوێشەوە دەشێ کاریگەری بە سەر خودی سروشتەوە بێ, بۆ نموونە کێشانی وێنەی دوژمنو پاشان لێدانو هەنجن هەنجنکردنی تاکو کاریگەریی خراپی بکەوێتە سەر دوژمن, ئەویدیکە سیحری پێگەیشتنە لە سەر ئەوە رادەبێتەوە کە شتەکان هەندنو بەشێکی ئەو هێندە کاریگەری بەسەر گشتدا دەبێ, وەك چۆن گشت کاریگەری بە سەر بەشدا دەبێ, وەك وەرگرتنی کەلە موویەکی مرۆڤ سوتاندنی بۆ ئەوەی کاریگەری بە سەر ئەو مرۆڤەوە هەبێ.

بەللام جۆری سێیەمی سیحر سیحری درۆزنانەیە یان چاوبەستانە کە ئەسڵەن سیحر نییە بەڵکو جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندنی چاوو هەستەکان هەڵبەنتە ئەوە لەگەڵ سروشت تەواو فەشەل دێنێ هەر تەنها کاریگەرییەکی دەروونی بە سەر ئەو مرۆڤانەوە جێدەهێڵێ کە بڕوایان پێ هەیە, بۆیە هەر تەنها تەحەکوم بەو مرۆڤانەوە دەکات نەك بەو دیاریدانەی کە مەبەستییەتی تەحەکومییان پێوە بکات.

**جۆرەکانی شیعر**

ئەو دابەش بوونەی پێشوو بۆ سیحر دەشێ بۆ دابەشکردنی شیعریش بە تەواوی بە سوود بکەوێتەوە بۆیە شیعریش دەکری بە سێ بەش شاعیری تەجاوزکەر (خارق) ئەو شاعیرەیە کە شیعرەکەی لە بەهرەیەکی بە هێزەوە هەڵدەقوڵێو لە دووتوێی ناخو رەمەکییەکی لێدەرەوە لە دایك دەبێ, شیعرەکەی ئەسیلە بەر لەوەی کۆنو نوێ بێ, شیعرەکەی وەك ئەوە کە هەستی پێدەکرێ لە ناخێکی قووڵو درەوشاوەو سافەوە هەڵقوڵابێ, ئەو شیعرە پێویستی بە خزینی دەستکردی شیعری نییە هەروەها بە سەر خەیاڵی زیادەڕۆیانەدا کز ناکەوێ, شاعیری خارق ئەو شاعیرەیە کە بە شێوەیەکی جێگیر بەرەو شیعر هەنگاو دەنێ چونکە هەڵگری توانایەکی چارەنووسسازانەیە, بۆیە بە بێ ئەوەی زیادەڕۆی بکات بە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بە بێ زۆر لە خۆ کردن لە ناوەوەیدا وزەیەکی شیعری بەرزو پڕ هەیە بۆیە پێویستی بە ماندووبوونی دەسکردانەی زۆرەوە نییە, بەڵکو تەنها ماندووبوونێکی دیاریکراوی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو هێزەی خۆی لە چوارچێوەیەکی گونجاوو شێوەیەکی گونجاوو ناوەڕۆکێکی گونجاودا بتەقێنێتەوە, بەڵام

دەشێ ئەو شاعیرە هەرچەندە هێزی بەهرەکەی ئاشکرایە بەڵام ئەو هێزە شیعرییەی خۆی لە ئاراستەگەلی نەشیاوو بەو بەهرەیە کار پێبکات, ئەو شاعیرە شاعیرێکە کە دەتوانێ بچێتە قولاّیی قولاّییەکانەوە.

بەڵام شاعیری سۆزئامێز ئەو شاعیرە راستگۆیەیە کەبەر لە هەموو شتێ بە راستییەوە ئەزموونی نووسینی شیعری خۆی دەخاتەروو, ئەدەب بە هێلانەی خۆی دەزانێ , بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە بەهرەکەی دیاریکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەو ڕێگەی دی دادەهێنێ, لەو شاعیرەدا هەست بە هێزی ئەدەبی دەکرێ بەر لەوەی هەست بە هێزو وزەی شیعری بکرێ, ئەو هەمیشە لە دووتوێی دەقە ئەدەبییەکانو ئەزموونی شیعریدا رادەبێتەوەو لە نێوانیاندا پەیوەندییەکی مەعقول دەدۆزێتەوە, هەمیشە لە ئەزموونو راستگۆیی هەستەکانییەوە رادەبێتەوە, بەردەوام راستگۆییەکەی دەخاتە خزمەتی ئەزموونەکەیەوە, بەرەو ناخێکی شاراوەو دنیای ناوەوە هەنگاو دەنێ.

دوا جۆر شاعیری درۆزنە, شاعیری درۆزن ئەو شاعیرەیە کە بە هیچ شێوەیەك پشت بە خۆی نابەستێ بەڵکو پشت بە دەستکردی شیعرییەوە دەبەستێو هەمیشە کار لە سەر قالبە ئامادەکراوەکان دەکات, شیعر بەلای ئەو کۆمەڵێك تەکنیکاری زمانەوانییەو هیچی تر نە پەیوەندی بە راستگۆیی ئەزموونەوەیە (وەك چۆن لای شاعیری سۆزئامێز هەیە) نە پەیوەندی بە قولاّییەکانی رەمەکییەتەوە دایە (وەك لای شاعیری خارق قسەمان لێکرد) بەڵکو پێیوایە شیعر هەر تەنها کرداری بڕینو پینەکردنو دورینەوەی زمانەوانییەو پێیوایە هەر تەنها شارەزابوون لە ئەدەب بۆ شیعر نووسین بەسە, ئەو شاعیرە دەمانخاتە دووتوێی یاریو رابوراندنو جوانکاری فۆرمئامێز کە بە هیچ شێوەیەك بە ناخمان ناگەیەنێ هەروەها لە بەر ئەوەی بنەمایەکی رۆحی نییە هەرگیز چاوەڕێی ئەو قوڵبوونەوەیە لەو ناکرێ.

چونکە سیحر لە دووتوێی جێبەجێکردنی کردەوە ئیش دەکات, بۆیە لەگەڵ شیعر جیاواز دەکەوێتەوە, چونکە شیعر لە دووتوێی گوتنو زمانو نووسین کار دەکات, سیحر کار دەکات بەڵام شیعر دەڵێ.... بۆیە سیحر, سیحرە ئەو کاتەی کە کار دەکات نەك ئەو کاتەی فەشەل دێنێ, ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە سیحری خارق سیحری حەقیقییە بەڵام سیحری سۆزئامێز سەرکەوتنی لە کارکردندا بە جزئی دەمێنێتەوە, هەروەها ساحیری درۆزنیش هەر بەو شێوەیە.

بەڵام شیعرلە دووتوێی گوتنو زماندایە بۆیە یەکەمجار داوای بەهرەی ئەسلی (خارق) دەکات, دووەمجاریش ئەزموونێکی راستگۆییانەی دەوێ کە بە شێوەیەکی ئەدەبی بە نێو (سۆزدا) گوزەری کردبێ, سێیەم دروستکردنو تەکنیکی زمانەوانیو خەیاڵی شێوەئامێزی (درۆزنانە). ئەو سێ جۆرە بە شێوەی پلە پلە دێ چونکە هەموویان کار لە دووتوێی گوتنو زمان دەکەن, دلنیاین کە بوونی بەهرە راستگۆییو ئەزموونو شێوازی ئەدەبی رۆشندەکات, هەروەها نەخۆشییەکانی تەکنیکی رادەگرێ پاڵەپەستۆو گرانییەکەی لە سەر پاکێیەتی شیعرو رەمەکییەتی شیعری کەمدەکاتەوە.

ساحیرو شاعیر

له زۆر شتدا شاعیر به ساحیر دەچێ وێڕای کۆمەڵێ سەرنج چونکه ساحیر کار دەکاتو شاعیر دەڵێ (یان دەنووسێ) گوتنو کردنیش لای شاعیری حەقیقی له میانی بەرزبوونەوەی کردەو رۆحدا دەبێته رەمزێکی درەوشاوە بۆ وێنەی مرۆڤایەتی.

ساحیر هەوڵدەدا رووبەروو بێتەوەو تەجاوزی فیزیای سروشتی بوون بکات, هەروەها شاعیریش, بۆیه له میانی ئەوەدا له سەر ئاستی ئەنتۆلۆژیو مەعریفی ژیانی مرۆییدا بەرزو بڵند دەوەستێ, تەجاوزکردنی سیحری له تەجاوزکردنی شیعری دەچێ, بەڵام ئەوەی یەکەم سڵ له بوون دەکاتەوەو ئەوەی دووەم سڵ له لۆگۆس دەکاتەوە.

ساحیر له چەرخی کۆندا له میانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیداگرنگییەکی بەدەری هەبوو, وەك پێشەوای هۆزو پزیشكو شاعیرو فەیلەسوفی ئەو هۆزه کاری دەکرد, توانایەکی گەورەی به سەر ئەو توانا گرنگانەدا هەبوو, شاعیریش پلەیەکی نەوعی له ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دەگێڕا بەڵام نەدەگەیشته پلەی ساحیر.

سەرەڕای ئەوەی که کۆمەڵگا مرۆییەکان له رێگەی بەرەوپێشچوونی باری سیاسیو کۆمەڵایەتی گەلێك دەرکەوتەی ئاڵۆزی پسپۆڕی لێکەوتەوە, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی شوێنگەی ساحیر بەرەو وێرانبوون بێتەوە, بەڵام شوێنگەی شاعیر بەرەو بەرزی هەنگاوی بنێ.

له راستیدا ساحیرو شاعیر هەمان توانایان هەڵگرتووە, هەمان کاریگەری نەوعییان له بەرەو پێشچوونی میللەتاندا هەیە, بەلام ساحیر به چاوبەستەو جادووەوە پەیوەسته به تایبەتی دوای سەردەمی یەکتابوون له بەرامبەر هێزی بیروبڕوای خوایی ساحیر وا تەماشا دەکرا وەك ئەوەی که هەڵگری وزەو هێزێکی بتپەرستانه بێ.

بەڵام شاعیر به هەمان شێوە ئەو کاته وێنەکەی شێوا که کەوته بەر دەرگای گەورەکانو خۆی وەك بێ ئابروو چەقاوەسووو نیشان دا , هەروەها وێنەی شاعیر زۆر به توندی کەوته لێژی کاتێ شیعری بۆ پیاهەڵدانو رابوواردنو شەڕەجنێو نووسی.

بەڵام له بەرامبەر ئەوەشدا وێنەی ساحیری (توانا بەرز)و شاعیرێ (که نوێنەرایەتی ئازادی دەکات) جارێکی دی بەرز نرخێندرا دووبارە وێنه نەوعییەکەی مرۆڤی لەو پەڕی بەرزیو درەوشانەوەدا خسته روو.

سەرچاوە:

بڕوانه: العقل الشعری- الکتاب الپانی

بغداد-2004

خزعل الماجدی-ص57-63